ئێران... ئامادەین بە هەر هێرشێکی سەربازیی ئیسرائیل



سەرۆک کۆماری ئێران،رایگەیاند "ئامادەین بە هەر هێرشێکی سەربازیی ئیسرائیل" ،وتیشی"هەر دانوستانێکی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا، دەبێت لەسەر بنەمای بردنەوەو سەرکەوتن بە هەردولا بێت" .

مەسعود پزیشکیان، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرە، وتی:"هێزەکانی ئێران ئامادەن بە لەدان لەقوڵایی ئیسرائیل، ئەو بانگەشانەشی بە نەهێشتنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکرێن، تەنها خەیاڵو هیچی تر".

پزیشکیان ئەوەشی وت:"ئیسرائیل گورزی کوشندەی لەوانا تەکەم داوە، بەڵام ئێرانیش زۆر بەهێز لەقوڵایی ئیسرائیلیداوە، هەر لەبەرئەوەش زیانەکانی خەیان ئاشکرانەکردوە".

سەرۆك کۆماری ئێران ئاماژەی بەوەکرد، "ئیسرائیل نایەوێت کەس باسی سەرکەوتنی هەرشە موشەکیەکانی ئێران بکات، داوای ئاگرتنی شەیش ئاماژەیەکی ئون بوو لەسەرکەوتنەکانی ئێران، بەڵام لەرەوەی دەمەوێت ئەوەی بڵێم، ئێمە جەنگمان ناوێت، هەروەها باوەیشمان بەوەنییە کە باسی ئاگربەست

دەکرێت، بڵێین ئێران ئەمجارە زۆر بەبەهێزیی بەرگریی لێخۆی دەکات".

پزیشکیان دانی بەوەدانا، هەرشی ئێلیکترۆنی بە سەر وێاتەکەی هەبوو، بەڵام سودیان لێتەکنەلۆژیاو تواناکانی ئەمریکا وەرگرتوو، هەموان دەبێت ئەوە بزانن کە ئێران ملکەچ نابێت، بەڵام باوەڕی بەدیپلۆماسیو گفتوگۆش هەیە.

سەبارەت بەهەرشەکانی ئەمریکا بەسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، پزیشکیان وتی:"دۆناڵد ترەمپ دەڵێت لەهەرشەکاندا بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانیان بەتەواوی لەناوبردوە، ئەمە خەیاڵە، چونکە توانای ئەتۆمیی ئەمە لەمەشکی زاناکانمانە نەک دامەزراوەکان، بەردەوامین لەپێتاندنی یۆرانیۆمو بەرنامە ئەتۆمییەکانمان، بەڵام لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، سەرکی ئەمریکا دەڵێت ئێران نابێت خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت، تارانیش ئەمە قبوڵدەکات، هەر دانوستانێکی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا، دەبێت لەسەر بنەمای بردنەوەو سەرکەوتن بە هەردولا بێت".